www.kurdistannet.org
27-4-2006 14:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەوڵەتی عەمامە و ڕیش ... مەریوان نەقشبەندی

زۆر بەشەوقەوە چاوەڕێبووم یەکەم دانیشتنی ڕەسمیی پەرلەمانی عێراقی (فیدرال) دوای قۆناخی ئینتیقالی ببینم، هەر لەبەرئەوەش دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە (2006/4/22) هەموو کاتی خۆمم بۆ سەیرکردن و وورد بوونەوە لەو دانیشتنە تەرخان کرد،
چاوەڕێبووم دەموچاوی نوی، سیاسەتوانی دیموکراتخواز و عەلمانی ببینم کە لەسایەیاندا ئاهێك وەبەری عێراقیەکاندا بێتەوە کە لەدوای روخانی ڕژێمی سەددامەوە گیرۆدەی فیکر و بیرکردنەوەی (ئیسلامی) ە توندڕۆ و تەکفیری و سەلەفی و مەرجەعیەتە ئیستیرادکراوەکانن و ئێمەی کوردیش لەدڵەڕاوکێ ناسەقامگیریی عیراق و مەترسی دەستێوەردانی ئیقلیمی ڕزگارمان بێت، بەڵام چیم دی ئیلاهی؟؟!!
هەر کە عەدنان پاچەچی سەکۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ناو هۆڵە گەرمەکەی دانیشتنەکەی 4/22 ی بەجێهێشت ئیتر ئەگەر یەکێك پێشتر موتابەعەی دانیشتنەکەی پەرلەمانی عیراقی نەکردبێت ئەوا هەرگیز بڕوای نەدەکرد ئەوە دانیشتنی پەرلەمانێك بێت کە ئەمریکا بەنیازە لەسایەیدا نمونەی دیموکراسی و مەدەنیەت لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستتدا پیشان بدات، سەرۆکی پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراو بەتەکبیر لێدان و قورئان خوێندن لەسەر تیرازی هەردومەزهەبی سوننە و شیعە دەستی پێکرد و پەرلەمانتارانیش لەگەڵ باوەشێنکردندا بە خۆیان و ریش و عەمامە و عەباکانیانەوە بۆیان دەسەندەوە و کار گەیشتە ئەو رادەیەی سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی عیراق لەجیاتی پێشینەی سیاسی و خەباتی خۆیان بخەنە ڕوو، شانازیان بە سولالەی دینی خۆیانەوە کرد و گەورەترین خەباتی کاکی مەشهەدانی (سەرۆکی پەرلەمان) ئەوەبووە کە لەترسی سەدام ماوەیەك پەنای بۆ مەلا عەلی عەبدولعەزیزی (رابەری) بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بردوە، ئەو رابەرەی کە لەگەڵ روخانی سەدامدا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی سەدام لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا و ئێستاش ڕۆژێك دەڵێن دەستبەسەرە و ڕۆژێك دەڵێن ئازادە.
کاك عارف تەیفوریش لەجیاتی ئەوەی لەکاتی خۆناساندنیدا بڵێت من لەنەتەوەی کوردم و کوڕی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراوەکانم و خەڵکی ئەو چوارهەزار گوندە خاپوورکراوەم کەلەبەرچاوی هەموو جیهان و لەژێر ناوی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا و بەپارەی وڵاتە عەرەبی و (ئیسلامی) ەکان، وێران و تەختی زەویان کرد، دوای ئەو قەرەباڵغیە کەوت و گوتی من لە ساداتی بەرزنجەم و مام جەلالی سەرکۆماریش کارەکەی بۆ تەواوکرد و گوتی شەجەرەکەی کاك عارف دەگەڕێتەوە بۆ ئیمام موسای کازم.
بڕواتان هەبێت ئەو دانیشتنەی کەبڕیارە چارەنووسی عێراق و رەنگە کوردستانیشی تێدا دیاری بکرێت، بەس لەدانیشتنی پەرلەمان نەدەچوو ئیتر لەهەمووشتێکی تر دەچوو، ئەوانەی دەنگیان دەدا لەسەر بنەمای مەزهەبی و تائیفی بوو، ئەوانەش دەنگیان نەدا و بەسپێتی پسوولەی دەنگدانەکەیان تەسلیم کرد هەر لەسەر بنەمای مەزهەبی و تائیفی بوو، لەهەموو ئەمانەش خراپتر (جواد مالکی) راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی چوارساڵەی عیراق دوای ئەوەی لەلایەن مام جەلال (سەرکۆماری عیراق) ەوە تەکلیف کرا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: من تەواوکەری حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەریم (ئەو حکومەتەی کە هیچی بۆ عێراقیەکان و بۆ کوردیش نەکرد) هەروەها پابەندبوونی خۆشی بە مەرجەعیەتە ئاینیەکەشی دووپات کردەوە کە ئەویش (سیستانی) ە کە خەڵکی ئێرانە و ئێستا مەرجەعی گەورەی شیعەکانی عیراقە و جەعفەریش تەنها بە ئەمری ئەم کابرایە وازی لەپۆستی سەرەك وەزیران هێنا.

کەواتە من هیوام نە بە دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەیە و نەبە ئۆپۆزسیۆنەکەشی، تاکە هیوایەکم لەم رەوشە تازەدا بە گوشارەکانی ئەمریکایە کە ئەویش ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵ مێژووی کورددا هەیە و هەمیشە لەخەودا (کیسنجەر) م وەك کابووسێك دێتە پێشچاو و وا دەزانم زەلمای خەلیلزادیش میراتگری کیسنجەرە ئەگەرچی دەشزانم ئێستا کورد تاکە نەتەوەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەمریکا متمانەی پێبکات و کوردستانیش تاکە ناوچەیە کە ئەمریکیەکان بتوانن بە ئیسراحەت تیایدا بخەون و شانازی پێوە بکەن.

Mariwan_na@yahoo. com